
سەید حەکیم گرنگی دەستەلاتی تەواوی حکومەتە خۆجێیەکان باشکردنی خزمەتگوزارییەکان دووپات دەکاتەوە



بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز هەیسەم غەزوان پارێزگاری سەلاحەدین کرد و لەم دیدارە باس لە سروشتی دۆخی خزمەتگوزاری لە شارەکە کرا.

سەماحەتی حەکیم گرنگی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری لەهەموو ناوچەکانی پارێزگاکەی بە گرنگ وەسف کرد ز ئاماژەی کرد کە ئەوە نموونەیەکە بۆ فرەیی عێراق و خاڵێکی پێگەیشتنە لەنێوان پارێزگاکانی دەوروبەری.

.بەڕێزیان جەختی لەسەر پێویستی پێدانی تەواوی دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی بە حکوومەتە خۆجێییەکان کردەوە و تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەم حکوومەتانە ئاستەوخۆ لە پێوەندیدان لەگەڵ هاووڵاتیاندا، ئەمەش پێویستی
بە پشتیوانیکردنیان و توانادانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

بەڕێز حەکیم داوای پتەوکردنی یەکێتی و پێوەندی نێوان سەرجەم هێزە سیاسییەکانی پارێزگاکەی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی سەقامگیری لەوێ و جەختی لەسەر گرنگی پێوەندیکردن لەگەڵ شارەزایانی زانستی و زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە کردەوە بۆ بەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە بنیاتنان و گەشەپێدانی پارێزگاکە..